Royal College of Anaesthetists

# سڕکەرەکان – مەترسی و کاریگەرییە لاوەکییەکان
# زیان بۆ ددانەکان، لێوەکان و زمان

## دەربارەی ئەم نامیلکەیە

ئەم نامیلکەیە دەربارەی **زیان بۆ ددانەکان، لێوەکان و زمان** دەبێت کە لەکاتی سڕکردنی گشتیدا دەکرێت ڕووبدات. ڕوونیدەکاتەوە کە چۆن ڕەنگە ئەم زیانە ڕووبدات و دەکرێت چی بکرێت لەبارەیەوە.

سڕکەرە گشتییەکان ئەو دەرمانانەن کە دۆخێکی وەکو خەوێکی قووڵ دەبەخشن. بۆ هەندێک نەشتەرگەری و ڕێکارەکان زۆر گرنگن. لە ماوەی بێهۆشکردنی گشتیدا، تۆ بێئاگایت و هەست بە هیچ ناکەیت.

دەتوانیت وردەکاری زیاتر دەربارەی جۆرە جیاوازەکانی سڕکەرەکان بخوێنیتەوە لەسەر ماڵپەڕەکەمان، کە لێرەدا بە زمانە جیاوازەکان بەردەستە: www.rcoa.ac.uk/patientinfo/translations#languages.

## دەربارەی زیان بە ددانەکان، لێوەکان و زمان لەکاتی سڕکردندا

دەکرێت دەم و لێوەکانت هەندێکجار لەدوای سڕکردن تووشی برینی بچووک و خوێن تێزان بن. ئەم حاڵەتانە لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا چاکدەبنەوە.

دەکرێت ددانەکان بشکێن، شل ببنەوە یان هەندێکجار بەڕێکەوت دەربێن لەکاتی سڕکردنی گشتیدا.

لەکاتی سڕکردنی گشتیدا، ماسوولکەکانی جەستەت خاو دەبنەوە، لەوانەش ماسوولکەکانی دەوروبەری قورگ و سنگ. ئەمە دەکرێت بڕی ئەو هەوایەی دەچێتە ناو سییەکانت کەم بکاتەوە.

بۆ دڵنیابوونەوە لە هاتووچۆی بەردەوامی ئۆکسجین بۆ سییەکانت، پزیشکی سڕکەر لەوانەیە سۆندەیەکی هەناسەدان بخاتە نێو قورگت بۆ ئەوەی بەردەوام کراوە بێت. بەگشتی ئەم کردارە دوای بێهۆشبوونت ئەنجام دەدەن.

دەکرێت ئەو سۆندە یان ئەو ماسکانەی پزیشکە سڕکەرەکەت بەکاریدەهێنێت لەکاتی بێئاگابووندا، بەڕێکەوت زیان بە ددانەکان، لێوەکان و زمان بگەیەنێت. ئەم کەلوپەلە گرنگە بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بتهێڵێتەوە لەکاتی سڕکردندا.

دەتوانیت زانیاریی زیاتر دەربارەی ڕێڕەوی هەناسە و هەناسەدان لەکاتی سڕکردندا ببینیت لەسەر ماڵپەڕەکەمان کە بە زمانی جیاواز لێرە بەردەستە: www.rcoa.ac.uk/patientinfo/translations#languages

## ئەگەری چەندە کە ڕووبدات؟

### بڕینی بچووک و شینبوونەوەی لێوەکان و زمان

لە هەر ١٠٠ کەسێکدا



**١٠ بۆ ٥٠ کەس** دووچاری بوونەتەوە **٩٥ بۆ ٩٩ کەس** دووچاری نەبوونەتەوە

### زیان بۆ ددانەکان کە پێویستی بە پزیشکی ددان کردبێت

لە هەر ١٠,٠٠٠ کەسێکدا

| | |
|---|---|
| **٩,٩٩٥ کەس دووچاری نەبوونەتەوە** | **٥ کەس دووچاری بوونەتەوە** |

زیاد لە نیوەی ئەو کەسانەی زیان بەر ددانەکانیان کەوتووە ئەو کەسانەبوون کە ددان و پووکەکانیان لەبارودۆخێکی خراپدا بووە پێش نەشتەرگەری.

ئەم ژمارانە لە توێژینەوەکانەوە هاتوون. دەتوانن لە ماڵپەڕەکەمان بزانن ژمارەکانمان لەکوێوە وەرگرتووە:
www.rcoa.ac.uk/patientinfo/risks/evidence

## هیچ شتێک ئەم ئەگەرە زیاد دەکات؟

ئەگەری زیان زیاتر دەبێت ئەگەر:

- نەتوانیت زۆر بەفراوانی دەمت بکەیتەوە یان نەتوانیت بەئاسانی ملت بجووڵێنیت. بۆ نموونە هەندێک حاڵەتی هەوکردنی جومگەکان دەکرێت ببنە هۆی ئاستەنگی درووستبوون بۆ جووڵەی ملت یان جێگیرکردنی سەرت لەکاتی سڕکردنی گشتیدا
- بوونی بەپێشداکەوتنی ددانەکانی سەرەوە یان بچووکی شەویلگەی خوارەوە
- پێویستی بە سڕکردنی گشتی هەیە لە بارودۆخێکی کتوپڕدا
- پێویستیە بە نەشتەرگەری کتوپڕی لەدایکبوون هەیە بە سڕکردنی گشتی
- کێشی زۆر یان بوونی کێشی زیادە لە دەوروبەری ملت
- نەشتەرگەری دەم، مل، شەویلگە یان قوڕگ (سورێنچک)ت بۆ دەکرێت.

## چی دەتوانێت ڕێگری لێ بکات؟

شتانێک هەن کە خۆت دەتوانیت بیانکەیت بۆ کەمکردنەوەی مەترسی زیان بەرکەوتن بە ددانەکانت پێش نەشتەرگەری.

ئەگەر ددانەکانت دەلەقین یان پوکەکانت ئازاریان هەبوو یان خوێنیان لێهات لەکاتی ددان شووشتندا، پێویستە بەزووترین کات سەردانی پزیشکی ددان بکەیت کە زانیت نەشتەرگەریت پێویستە.

پزیشکە سڕکەرەکەت ئاگاداربکەوە ئەگەر:

- ددانەکانت دەلەقن یان هەر کێشەیەکی دیکەی ددان و پووکەکانت هەیە
- تەلی ددانت هەیە کە لێدەکرێتەوە یان ڕاگری لاستیکیت بۆ دانراوە
- ئەگەر ددانی چێندراو، ددانی دەستکرد بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی، کیف یان ددانی برغوت هەیە
- کوونکردنی زمان یان لێوت هەیە.

دەبێت پزیشکە سڕکەرەکەت ئاگادار بکەیتەوە ئەگەر لەڕابردوودا سڕکردنی گشتیت بۆ ئەنجام درابێت و:

- پێت وترابێت دانانی بۆری لە ڕێرەوی هەناسەدانتدا کارێکی ئاستەنگە
- ددانەکانت زەبریان بەرکەوتبوو.

هەندێکجار پزیشکە سڕکەرەکەت دەتوانێت سەیری تۆماری تەندرووستیت بکات بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری ئاستەنگییەکان و بۆ خۆبەدوورگرتن لە دووبارە زیانبەرکەوتن.

## ئەی چی ئەگەر ددانەکانم زیانیان بەرکەوت؟

پزیشکە سڕکەرەکەت ئاگادارت دەکاتەوە ئەگەر لە کاتی نەشتەرگەرییەکە زیان بەر ددانەکانت کەوتبێت. ئەگەر چەند ددانێکت دەرهاتبوو، بۆت دەگێڕنەوە. ئەگەر پێویستت بوو، دەرمانی ئازارشکێنت پێدەدەن و ڕێنماییت دەکەن لەسەر بەکارهێنانی.

هەندێک نەخۆشخانە پزیشکی نەشتەرگەری ددانیان هەیە کە دەتوانن سەیری زیانەکە بکەن و چاکییکەنەوە. ئەگەر ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست نەبوو، دەتوانیت سەردانی پزیشکی ددانی خۆت بکەیت و دواتر قەرەبووی تێچوومەکەی لە نەخۆشخانەکە وەربگریتەوە. دەبێت لەگەڵ نەخۆشخانەکەت لە سیاسەتەکانیان دڵنیاببیتەوە دەربارەی زیانەکانی ددان لەکاتی نەشتەرگەریدا و داوای فۆرمێک بکەیت بۆ وەرگرتنەوەی تێچووی چاککردنەوە.

ئەگەر پزیشکە سڕکەرەکەت لەکاتی دانانی بۆری قورگدا ئاستەنگی هەبوو یان ددانەکانت زیانیان بەرکەوت، داوای تۆمارێکی نووسراو بکە لەسەر ڕووداوەکە. ئەم زانیارییە دەکرێت ژیانت ڕزگار بکات ئەگەر پێویستت بە سڕکردنی دیکە هەبوو لە داهاتوودا.

یەکێتی ئاستەنگی بۆری هەناسە پرۆگرامێک دەربارەی کارتێکی ئاگاداری بۆری هەناسەدان ڕێکدەخات. پزیشکە سڕکەرەکەت دەتوانێت ڕەوانەت بکات بۆ ئەم پرۆگرامە. دەتوانیت زانیاری زیاتر بدۆزیتەوە لەڕێگەی ئەم بەستەرەوە: https://das.uk.com/dar.

## پاکانە

هەوڵی تەواومان دەدەین کە هەموو زانیاریەکانی ئەم نامیلکەیە ڕاست و درووست و نوێ بن، بەڵام ناتوانین مسۆگەری ئەوە بکەین. ئێمە چاوەڕێی ئەوە ناکەین کە ئەو زانیاریە گشتیانە سەرجەم پرسیارەکانتان وەڵام بداتەوە کە هەتانە یان چارەسەری هەموو شتێکتان بکات کە گرینگن بۆ ئێوە. پێویستە لەسەرت کە گفتوگۆی هەڵبژاردە و نیگەرانیەکانت بکەیت لەگەڵ تیمە پزیشکیەکەت، بە بەکارهێنانی ئەم نامیلکەیە وەک ڕێبەرێک. تەنها نامیلکەکە بەتەنها نابێت بەکاربهێنرێت بۆ ڕێنمای کردنت. نابێت بە کاربهێنرێت بۆ هەر مەبەستێکی بازاڕداری یان بازرگانی. بۆ بینینی تەواوی ڕوونکردنەوەکە، تکایە سەردانی ئەم بەستەرە بکە
www.rcoa.ac.uk/patients/patient-information-resources/translations/patient-information-translations-sorani

هەمو وەرگێڕانەکان لە لایەن 'وەرگێڕانی بێسنوور'ەوە بەردەست خراون. کوالێتی ئەم وەرگێڕانە پشکنینی بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی وەرگێڕانەکە زۆر بە وردی بکرێت، بەڵام هەندێک مەترسی نادرووستی و هەڵە وەرگێڕانی هەندێک لە زانیارییەکان هەیە.

## پێمان بڵێ ڕات چییە

پێشوازی لەهەر پێشنیازێک دەکەین بۆ باشترکردنی ئەم نامیلکەیە.

ئەگەر هەر تێبینییەکت هەیە حەزدەکەیت بیگەیەنیت، تکایە ئیمەیڵ بکە بۆ: patientinformation@rcoa.ac.uk


**Royal College of Anaesthetists**
Churchill House, 35 Red Lion Square, London WC1R 4SG


# www.rcoa.ac.uk


چاپی دووەم، تشرینی دووەم ٢٠٢٤
ئەم نامیلکەیە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت لە دوای سێ ساڵ لە بەرواری چاپکردنی.



**Royal College of Anaesthetists 2024 ©**
دەکرێت ئەم نامیلکەیە لەبەربگیرێتەوە بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی بابەتی زانیاریی نەخۆش. تکایە ئاماژە بەم سەرچاوە ڕەسەنە بدە. ئەگەر دەتەوێت بەشێک لەم نامیلکەیە لە بڵاوکراوەیەکی تردا بەکاربێنیت، پێویستە پێزانینی گونجاو ئاماژەی پێ بکرێت، و لۆگۆ و براند و وێنە و وێنۆچکەکان لاببردرێن. بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن.